# کۆڵێک هۆنراوەی تاکدێڕی

عەباس عەبدوڵلا یووسف



* باڵندەکانیش سنووقی ڕەش هەڵدەگرن.
* مارەکە سێکساندی و بە کلیۆپاترای وەدا.
* گۆرانیە تازەکەم: جین گیان... جین قوربان... وەرە و مەچوو بەردەستان.
* دەمی لە دەمی کەللەسەرێک ناوە...ماچ ئەمما ماچ!
* ئەم (هیچ)ە هیچ و پووچە، سەری لە فەلسەفەش تێکداوە.
* لەناو ڕووبارێکی هەزارگێژەن دا، بەدەستی ماسییەکم گرت.
* کاستەر خۆشە، کاسترۆ خۆشترە.
* بە گرەنتی ساڵێک، قەقنەسێکی کارەباییم

کرِی.

* بەینی دوو فاریزە گێری ورِیایە، بەینی دوو فاریزەی تر تۆم ورِیایە.

بەینی دوو فاریزەی تریش بینەر ورِیاترە.

* لە جیاتی جەستەی ئافرەت، هونەرمەند نافوورەی پرِ جەرِە کردووە.

* زراوە هات و بەدزی قسەی بۆ کردم، تکاشی لێکردم نهێنیەکەی بپارێزم، من زوو چووم ئاشکرام کرد.

* لەو قەیسەری کۆنانەی بازارِ، گشت شتێکم دۆرِاند، تەنانەت مێژووش.

* کچە بە لەنجەولارِ دەرِوا، جگە لە جانتاکەشی، کتێبی (طوق الحمامة)ی بەئیکسسوار هەڵگرتووە.

* خرِ، گشت، تێکرِا، هەر هەموو بەیەکەوە سەیریان دەکرد، منیش لە وێنەیەک دەگەرِام هەر خۆم و بەس لێی برِوانم.

* خەونێکم دەدیت لە ناوەندرِا لێی رِاپسکام، کرمی ئاوریشم ویستی تەواوی بکا، ئەویش لێی پسا، چەقۆیەکی دەمتیژ، ئەو خەونەی هەڵقۆستەوە و بە کۆتاوە بینی.

* گرێکۆرەی پی نەکرایەوە، چوو رێوی هێنا بۆی بکاتەوە.

* بێ ئاو حەبێکم قووت دا ، باڵم لی رسکا، بە چ کەڵک دێ، باڵی وشترمل بوو!!

* لەناو هەکایەتان دیویش رەنگاو رەنگن: سپی، رەش، بە فیلمیش دێوی سوور و دێوی نارنجی و دیوی بنەوشەیی دەبینم.

* چوار سامۆرا هاتن و لەپێش چاوی چوار هەزار کەس بەشمشێر چوار دەسکە کەرەوزیان لەت و پەت کرد.لە ترسان کەسێک نەیگۆ ئەوا کۆمیدیایە.

* هەمدیس هەمدیس: جەحەنندەم و هادیس.

* دەروێش بە کەشکۆڵ و عەساوە رەتبوو، چاپلنیش بەشەپقە و گۆپاڵەوە، نەکەس پێکەنی و نەکەسیش گریا.

* نووبرِیاری من: بەبێ (هتد...) وشەیەک نەنووسم .

* بەسەر شۆسەی کۆنەکتێبدا ، (لم نیازمە)م کرِی، برِێکم لێ خوێند تێنەگەیشتم، بەبەلاش دامەوە فرۆشیاری.

* رەشەبای سلێمانی سەنفۆنیایەکی کوردانەت بۆ دەژەنێ.
* بێ دەرکە،بێ پەنجەرە، بێ دیوار، بێ میچ ، خانوویەکم دروست کرد.
* قافیەکانی وەفاییم لەنگ کرد، جا هۆنراوەکانیم خوێندەوە.
* خەونە پەمبەکانی خۆم بەخشییە شاعیرێکی رۆمانسی.
* ئەمجارەیان شەو خۆی نووست.
* ئەهێو... تڕهێو... مرۆڤ بە ON و بە off ئیش دەکات!!!
* ئاو مەستی کردم ، ئاو بەدمەستی کردم!.

........................................

سنووقی رەش = سندوقچەیەکە فڕیناسی ئوستورالی دیڤید براون دایهێناوە. ئەرکەکەی تۆمارکردنی وردو درشتی گەشتی فڕۆکانە، ئەگەرچی ناوی بە (سندووقی رەش) رۆیشتووە، بەڵێم خۆی رەنگی سوورە یا پورتەقالیەکی گەشە، تا لە کارەساتی فڕۆکەدا زوو ببیندرێتەوە.

جین = جینات Genes لێماوەساز

تۆم و گێری = زنجیرە فیلمێکی کارتۆنی ناو تەلەفزیۆنە، تێدا بەزمی لێک بەگژداچوونی پشیلەو مشک دەگێڕتەوە.

زراوە = زەرافە

طوق الحمامة = کتێبێکی بە ناوبانگی (ئیبن حزمی ئەندەلووسی)یە، باس لە ئەڤین دەکات.

بە چ کەڵک دێ = کەڵکی چی هەیە.

سامۆرا = سامۆرای samurai ناسناوی جەنگاوەرانی کۆنی یابانن.

جەحەنندەم = جەهەننەم، دۆزەخ

هادیس = ژێر دونیا یان دۆزەخە بە دیدی گریکە کۆنەکان.

ئەهێۆ، تڕهێو = تڕحێو

لم نیازمە = چامەیەکی درێژی ع ع یووسف-ە لە ساڵی ١٩٧٨دا چاپکراوە.

کۆتا = کۆتایی